کوردستان نێت
KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org
4-2-2007 19:15 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

کەركوك

## ووريا بن ئايندەى خواستراوى كەركوك بە ژانێكى سەخت لە دايك دەبى.... كاوێزمەلاپەروێز



لە ساڵانى رابردوووى دواى پرۆسەى ئازادى ئێراق لە نوسينێكدا بانگەشەى سندوقێكى كۆمەكم بۆ ئاوارە خۆراگرەكانى كەركوك كرد، ئەمێستا هەمان بانگەشە دەكەمەوە چونكى لە روانگەى منەوە كێشەى كەركوك تەنى كێشەى دەسەڵاتى كوردستان نيە تا وى هەر بەتەنبا ئەم ئەركە فرە گرانە لە شان بدات كە مومكينە تەنى دەسەڵاتى كوردستان نەتوانى ئەو ئەركە هەڵبگرى،دەسەڵاتى كوردستان گەر توانيباى يەك لايەنە ئەم كارە ئەنجام بدات چاوەنوارى ئەوە نەبوو حاڵ بە ئەمرۆ بگات.

لەگەل دەسەڵاتى كوردستان كوردستانيان دەتوانن ئەم گرفتە تا رادەيەكى زۆر باش بە چارەسەرى بگەيەنن وە دەشبى كوردستانيان لە هەر سى پارێزگاى هەرێم بە تايبەت و كوردستانيانى دەرەوەى وولآت بە گشتى رۆڵيان هەبى لە چارەسەرى يان سووككردنى بەشێكى ئەم گرفتە،دەشبى كوردستانيان پرسى كەركوك تەنى بە پرسێكى تايبەت بە دەسەڵات نەزانن وەك پرسێكى نيشتمانى كوردستانى لەم پرسە بروانن و لە چارەسەركردنيشدا رۆڵ بگێرن كە بەداخەوە لە دواى پرۆسەوە هيچ هەنگاوێكى دڵخۆشكەر نەنراوە كە جێگاى ئوميد بێت بە دەر لە دروشم ئەمجا كارەسات لەوەدايە ميللەت دروشمى دەسەڵات بلێتەوە.

كەركوك لەم سالەدا كە پێمان تێخستوە رووبەرووى ئەگەرى زۆر دەبێتەوە كە زۆرى ئاماژەكانى ئەو ئەگەرانە وا دەر دەكەون ئەم ساڵ سالى نەهامەتى و كارەساتى مرۆيى بێت بۆ كەركوك لەگەل ئەوەى كە باوەرم هەيە رێژەيەكى باش لە مادەى 140 دێتە جيبەجى كردن و ئايندەى ئەم شارە بەو ئاراستەيە دەروات كە كوردستانيان گەرەكيانە وەلى بە خوێن و قوربانى زياتر،كارەساتى گەورە يان شەرى گەورەى چارەنوسساز ئەو كاتەيە ئێمە ئايندە نەخش بكەين چونكى رووبەرووى ئەو جەهالەتە دەبينەوە كە بە درندە ترين شێوە بە جۆرەها شێوازى نا ئينسانى خەلكى سڤيلى ئەم دەڤەرە شەهيد دەكەن گەر پێشيان بكرى شارەكانى ترى هەرێميش دەكەنە بۆمب و دەيان تەقێننەوە بۆيە ئەم ساڵ بۆ كەركوكێكان دژوارە وەلى چارەنوسسازە ئێوەى هاونيشتمانانمان لە شارەكانى ترى كوردستان چەند پشتيوان دەبن يان چەند هاوخەمى كەركوكێكان دەبن؟

با دەست پى بكەين ئاورێك لە هاونيشتمانانى ئەم شارە بدەينەوە كە بەشێكى زۆرى دوور لە خزمەتگوزارى پێويست و سادەترين ماڤ لە پيێدَاويستييەكانى ئاو، نەخۆشخانەو قوتابخانەو رێگاو بان چوزانم تا دوايى بى بەشن،لێرا لەم شارەدا خەلكێكى زۆر هەن لەسەر كوردبونيان ئێستاش ژيان بە كۆلە مەرگى بەسەر دەبەن چاكردنى ژيانى ئەو ئينسانە خۆراگرانە بە كۆمەكى نيشتمانى ئێوە دەكرى كە ئەز پێشنيار دەكەم لە خودى بەرێزان سەرۆك بارزانى و سەرۆك تالەَبانى دەست پى بكات وەك دوو هاونيشتمانى ئەم وولآتە و هاندانى هاونيشتمانيانى كوردستان بە تايبەت بەرپرسانى باڵاى وولات بۆ بەشدارى و دروستكردنى ئەو سندوقە. كە دەبى هيمەتى دروستكردنى بكرى.

ديوێكى ترى ئەم كۆمەكانە بۆ كەركوكيە كوردستانيەكان ئەو دەلالەتە ئەبەخشى كە كێشەى كەركوك كێشەى كوردستانيانە بە خەلك و دەسەڵاتەوە هاوپشتى و پشتيوانى خەلكى شارەكانى كوردستان بۆ

ئەو نووسينانەى لە كوردستان نێت دا بلآودەكرێنەوە، بيروبۆچوونى خاوەنەكەيەتى كوردستان نێت لێى بەرپرسيار نييە.

کەرکوکی دابراو لە کوردستان ئەرکە لە سەرشانی تەواوی کوردستانیان و واجبێکی مێژووی پیرۆزە کە دەبی لە کاتی خۆی راپەرێندرێت بەمەش کوردستانیان پێکرا مێژوویەك دەنەخشێنن نەوەکانی ئایندەی کوردستان لێك گری بدات و شانازی پێوە بکەن.

لەوانەیە هەندێك کەسان کە لە بنەرەتەوە لە پرسی کەرکوك نەگەیشتون لە بەهای سندوقی کۆمەکی نیشتمانی بۆ چارەسەری بەشێکی مەزنی ئەو گرفتە تێنەگەن کە باوەر دەکەم ئەگەر جۆش و خرۆش و هاندنانی نیوەی هەلمەتەکانی هەلێژاردن بۆ ئەم پرسە بخرێتە گر ئەوە مەینەتی بەشێکی زۆری ئەو کوردستانیانە چارەسەر دەبی کە عەیامێکە لە ژیان تۆراوون..

کە ناوی ئەو دوو زاتە سەرکردە بەرێزەم هێنا لەوە دڵنیام ئەرکێکە دەبی وان سەقافلەی بن ئاخر ئەوان لە دڵی ئەم میللەتە خاوەن مەقامی بەرز و گەورەن هەزاران رۆلە بە هاندانی ئەوان گیانی خۆی بەخت دەکردو دەکەن بۆ رزگاری و سەرفرازی کوردستان بۆیە دەبی لەوانەوە دەست پی بکری و بۆخۆشیان چاودێری ئەو سندۆقە بکەن کە نەك تەماعی ئەم و ئەو نیوەی لوش بدات و بە ناکاملی بە شێوەی پێویست بەو خەلکە نەگات کە پێویستیان پێیەتی.

دیوێکی تری ئەم سندوقە دیوە مەعنەوێکەیە بەمەش ووزەی تەواوی کوردستانیان لە گیانی کەرکوکێکان کۆ دەبێتەوە بۆ رووبەروو بوونەوەی دوژمنانی کوردستان ئەم گیانە بۆ کەرکوکێکان پێویستە تا رووبەرووی تەحەدییەکانی 2007 ببنەوە کە بە سالبَکی دژوار بۆ کەرکوکێکان چاوەنوار دەکری.

2007 سالێکە ئایندە بە ژانێکی سەخت دەخولقیَنی ئایندەیەك دەبی بە رووحی کوردستان ئاوس بکری و بە ژانێکی سەخت ئەو ئایندەیە لە کەرکوك لە دایك بێت ئەو ئایندەیە بەدەر لە خۆشگوزرانی بۆ کەرکوکێکان،دوورتر دەولەتیکوردستانیش دەسازێنی.

دواجار لەم شارەدا کە لە ئان و ساتی دوا قۆناغەکانی بردنەوەی ئەو گەمەیەن کە خۆمان ناومان لی ناوە قۆمار بۆیە وەخۆ نەکەوین دەبی سەر مێزەکە بە دۆراوی بە جی بێلین و چارەنوسی خەلك و پیرۆزی ئەم خاکە بە قەدەری ئەو ستەمکارانە بسپیرین کە دەزانین لە رابردووی نێزگ چیان وەسەر هێنانین و بەرنامەی ئایندەیشیان ئەگەر خراپتر نەبی چا تر نابی بەرگەی ئەو لێشاوەی ئەوانیش ناگرین کە شار پر دەکەن لە عەرەب و مۆرکی کوردستانی لە رەگەوە لەم شارە هەلدەکێشن، خەتەری تەعریب هێشتا ماوە خوا بەو رۆژە نەکات دۆرانی ئێمە کە پێم وایە سەرکەوتن وەدەست دەخەین بەلاَن وەك ئەگەرێك دۆران دەیخەینە روو ئەگەر رووبدا دەبی ئەو راستیە تالە نۆش کەینەوە کە شەرم بکەین بە کوردی بە ئاخەفین.

ئەز وەك کەرکوکییەك وەك چۆن رەخنە لە بەرپرسانی ئەم وولاتە دەگرم ئەگەر بەدەم ئەم داخوازییەوە نەیەن کە دەتوانن بە بەخشینی ترومبیلێك لە ترومبێلەکانیان بەشداری لە سندوقی کۆمەکی کەرکوکوکیَکان بکەن، دەشبی زۆر جوامێرنە خۆیان دروستی بکەن وخەلکی کوردستان هانبدەن بەدەم ئەم داخوازییە میللی نیشتمانیەوە بێن (ئەگەر شتێك چی بوو بە ناوی سندوق)، وەهاش رەخنە لە خەلکی ئەو سی پارێزگایە دەگرم ئاخر ئەوان تا بە ئێستا هیچ بەزاوتێکیان نەبوە بۆ ئەم پرسە چارەنوسسازە.

هەر پەیوەست بەم پرسەوە کە نامەوی رۆلی راگەیاندن لە یاد بکەم راگەیاندن بە بالآی بەرزی ئەم پرسە پر بەهایە، بۆیە دەبی مەکینەی ئەم دەزگایە بکەوێتە کار بی راگەیاندنێکی بەرنامە بۆ رێژ کراوو چ کارێك سەرکەوتوو نابی.

خولاسە بە رێزەوە نەوازش بۆ کەرکوکییە خۆراگرەکان، ئەوانەی بەرگەی نەهامەتی و زەحمەتیەکانی ژیان دەگرن لە شارێك کە بە یەك لە شارە دەولەمەندەکانی دونیا دەژمێردرێت،کۆمەك و پشتیوانی دارایی و معنەویان گەرەکە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
4-2-2007 19:15 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

K_mlaprwez@yahoio. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.